# زەخیرەیەك بۆ مام ورچ



نووسین: ڤلادیمیر سوتاییڤ
لە ڕووسییە بۆ ئەڵمانی: ئەلیونا مویكل
لە ئەڵمانییە بۆ كوردی: سەلام عەبدوڵلا



له ڕۆژێکی خۆشدا، مام ورچ چوو بۆ ناو باخچەی کەروێشکەکە و پرسیاریی لێ کرد: کەروێشکە ژیرە، چۆنی؟

کەروێشك: سوپاس، من زۆر باشم مام ورچ، وا خەریکم، گێزەرەکانم دەردەهێنم.

مام ورچ: گێزەرەکانت باش دەرهاتوون؟

کەروێشك: زۆر باش دەرهاتوون، مام ورچ، بەداخەوە، تەنها ئەوە نەبێ، نەختێ، لە قولاییدان.

مام ورچ: ئەڵێی چی، منیش بۆ زەخیرەی زستان، پێویستیم بە چەند گێزەرێك دەبێ.

کەروێشك: فەرموو، هەمووی لە خزمەتدایە، بە ئارەزووی خۆت بکە، هەرچەندتان دەوێ، ببەن.

ئەمجار مام ورچ، بە گورجی، کەوتە دەرهێنانی گێزەر. ئەوەندە چاپۆکانە کاری دەکرد، گێزەرەکان، بە ڕاست و چەپیدا، فڕکەیان دەهات.





لەم چرکەیەدا، ژیشکێکی بچوك بۆ لایان هات و گێزەرێکێش بەر سەری کەوت و بە دڕکەکانییەوە، توند بوو. ژیشکەکە وتی:(سەیری ئەم پڕووییە بکەن، ئەرێ ئەوە چ قەوماوە؟

مام ورچ بە نارەناڕێکەوە وتی: ئێمە گێزەرەکان دەردەهێنین، ئەی سەر دڕکنین، تۆ لێرە، چی دەکەی؟


ژیشك: من دەمەوێ بۆ خەس و قارچك کۆکردنەوە، بڕۆم بۆ ناو دارستان!

**ورچەکە بە خۆشییەوە وتی: ئوووو، قارچك زۆر بەلەزەتە و، منیش بۆ زستان، پێویستیم بە زەخیرە هەیە، دەبا پێکەوە بۆ گەڕان بەدوای خەس و قارچك، بڕۆین.**

**کەروێشکەکە بە شەرمییەکەوە، پرسیاری لە مام ورچ کرد: ئەی گێزەرەکانت؟**

**مام ورچ بە تووڕەییەکەوە دەستی ڕاوەشاند و وتی: گێزەری چیییییی، دەتوانی خۆت بیانخۆی!**

**قارچکم پێ بە تام و چێژترە! و**





هێدی هێدی بەدوای ژیشکەکە کەوت و بەرەو دارستانەکە ڕۆیشتن. ژیشکەکە چاپۆکانە بۆ قارچك دەگەڕا و بە دڕکەکانی، توندی دەکردن، بەلام ورچەکە، زیاتر قارچکەکانی دەشێلا لەوەی کۆیان بکاتەوە. لەم کاتەدا، سمۆرەیەك لە سەر دارێکەوە، بانگی کرد: مام ورچ!ئەوە بۆچی بە بەردەوام خۆت دەچەمێنیتەوە؟

مام ورچ لە وەڵامدا وتی: دەگەڕێم بۆ قارچك، چونکە دەمەوێ نەختێك زەخیرە بۆ زستان، کۆبکەمەوە. سمۆرەکە پێی وت: قارچکی چییییییی، تۆ دەبێ بۆ جارێکیش بێ، تامی گوێزەکانی من بکەی!

مام ورچ تامی گوێزەکەی کرد و هەر زۆر پێی بە لەزەت بوو و وتی: ئۆی هااااا ئەم گوێزانە هەر بە جارێك، بە لەزەتن! هەروا دەتوانم بە سانابیەوە، بە چنگ هاوشتنێکەوە، کۆیان بکەمەوە. بڕوانە، ئەوها!

ورچەکە باوەشی کرد بە دارە گوێزێکی تازە پێگەیشتوو و لە ڕەگ و ڕیشەوە، دەریهێنا و پاشان خستییە سەر شانی و ڕێگای گرتەبەر. کاتێ ژیشکە بچکۆلەکە، ئەوەی بینی، بە سەرسووڕمانێکەوە، چنگەکانی، بەیەکدا.



زۆری پێ نەچوو، مام ورچ لە گەل گوربەیەکدا کە بە دوو قولابەوە، بۆ ڕاوەماسی دەچوو، بە یەکگەیشت و پرسیاری لێ کرد: ئەوە قە پۆز توکنین،بۆ کوێ دەچیت؟

گوربە: مام ورچ! من بۆ ڕاوەماسی دەچم. دەمەوێ بۆ بەچکەکانم، چەند ماسییەك ڕاوبکەم.

ورچ: ماسی؟ وەی...وەەەەەەی، من ماسییم خۆشدەوێ! ولیکاوی دەمی هاتەخوارەوەو وتی: هەر بە ڕاست، بۆ زەخیرەی زستان، پێویستیم به دابینکردنی چەند ماسییەك هەیە.



گوربەکەش پێی وت: هیچ لەوە ئاسانتر نییە و، بە ڕێکەوتیش، دوو قولابم پێیە.

ویستیان بکەونەڕێ، لە پڕێکدا گوربەکە پرسیاری کرد: مام ورچ، ئەی چی بە گوێزەکانت دەکەی؟

مام ورچ، داره گوێزەکەی فڕێدا و وتی: گوێزی چیییییی....بۆ مژەی منداڵان باشە. دەی وەرە، با خێرا بۆ ڕاوەماسی بڕۆین. من پێویستیم بە ماسییەکی زۆر هەیە بۆ زەخەیرەی زستان.



هەردووکیان بە جووتە بەڕێکەوتن و لە کۆتاییدا گەیشتنە ڕووبارەکە. هێشتا قولابەکەیان بەحاڵ بۆ ناو ناوەکە، هەڵدا، لە پڕێکدا، ڕێوییەك لەلایان پەیدابوو و لە تەنیش خۆت بە شتی وردەواڵەوە، خەریك کردووە؟.مام ورچ بە بێزارییەکەوە:
مەبەستت چییە، لە کاری وردەواڵە؟ من بۆ زەخیرەی زستان، پێویستیم
بە ماسی هەیە.
ڕێوێکە لە وەڵامدا پێی وت: هەی هووووو، تۆ ناتوانین بە گوێرەی پێویست،
ماسی ڕاوبکەی! هەروا، بە شێوەیەکی گشتی، تۆ دەتەوێ، هەموو زستانەکە، تەنها
ماسی بخۆیت؟ ئەوە هیچ خۆشییەکی تێدا نییە.
من دەتوانم بە کردەوە، بۆچوونێکی باشترتان پێشکەش بکەم کە بێگومان، لە بارەیەوە، سوپاسم دەکەن.
مام ورچ: داخۆ ئەوە چ پێشنیارێك بێ؟

مام ڕێوی: وەرە لەگەڵمدا بۆ ناو ئاوایی تا ڕاوە مریشك و مرواری بکەین.
مام ورچ بە خۆشحاڵییەوە وتی: مریشك و مراوی؟ و دەستبەجێ قولابەکەی دەستی فڕێدا و وتی: ئەم پێشنیارە هەر زۆر نایاب و بێ وێنەیە!
گوربەکە بە هاوارێکە بە ورچەکەی وت: مام ورچ! ئەوە هەر ئێستا ماسییەك بەدەم قولابەکەتە!
مام ورچ: گرنگ نییە! لێگەڕێ با هەر پەلەفرکێ بکا؛ ئاخر ماسی چییە، لە بەرامبەر مریشك! بە نارەنارەوە، بەدوای ڕێوییەکە کەوت.



تاریکایی داهاتبوو، کاتێك مام ورچ و ڕێوییەکە بۆ ناو کولانەی پەلەوەرەکانی ئاواییەکە، دزەیان کرد. ڕێوییەکە، پارچە تەختەیەك لە پەرژینی کولانەکەی لێکردەوە و بە گوێی ورچەکە چپاندی: لێرە ڕاوەستە و بە وریاییەوە پاسەوانی بکە و منیش بە گوێرەی دڵی تۆ، مریشك و مراوی، بۆ ئێرە پەلکێش دەکەم.مام ورچ: زۆر باشە، بەڵام بە خێرایی، ئەوەی بەر چنگت دەکەوێ، بیهێنە.
وەك دەزانیت، من پێویستیم بە زەخیرەی زستان هەیە.



مام ورچ لە بەردەم پەرژینەکە هاتوچووی دەکرد و چاوی بە هەموو لایەك دەگێڕا و گوێی ڕاخست و بە وریاییەوە، مایەوە. بەڵام نەیتوانی درێژە بەو حاڵە، بدا و لە هەموو سوچێکی ئاواییەکەوە، هەرچی سەگ هەبوو، بەربوونە گیانی و ئەوەندە زۆر بوون، نەدەکرا بژمێردرێن! هەر هەموویان بە حەپاندن و لووراندنەوە، پەلاماری مام ورچیان دا و هیچی نەمابوو هەلاهەلای بکەن!






**ئیتر، مام ورچ هەموو شتێکی لە بیرچووەوە: مریشك و مراوی، تەنانەت ڕێوییەکەیشی لە بیرچووەوە؛ ئەو ڕێوییە کە بۆ ئەم شوێنەی هێناوە، هیچی بۆ نەمایەوە، تەنها ئەوە نەبێت، ملی بشکێنێت.**







بۆ ڕۆژی دوایی، مام ورچ له ژێر دارێکدا درێژبووەوه و له قوڵایی دڵیەوه، حەسرەت و هەناسەی دەکێشا.

لەم شوێنه، مشکێك به بازدانەوه، تێپەڕی، بەڵام که مام ورچی بینی،لەلای ڕاوەستا و پرسیاری لێ کرد: مام ورچ! خێره؟ ئەوه له چیت کەمه؟

مام ورچ: ئاخ لەو سەگانه...دوێنێ هیچ نەمابوو کەوڵم بکەن.مشك: سەگەکان؟ بەڕاستی ئەوه هیچ جوان نییه بۆ لەوانەوه.مام ورچ: من تەنها دەمویست زەخیره بۆ زستان، دابین بکەم. مشك: هەر زەخیرەیەك!

مام ورچ: گێزەرم هەڵقاند، بەدوای قارچك گەڕام، کوێزم کۆکردەوه، ڕاوەماسیم کرد و دەمویست پێکەوه له گەل ڕێوی، مریشك بفڕێنم...

مشکەکه قسەکانی پێ بڕی و پێی وت: دەتویست مریشك بفڕێنی؟ پێکەوه له گەل ڕێوی؟ ئەی هاوار له ماڵم

مام ورچ: هەموو هەوڵێکمدا، کەچی ئێستا وا به دوو چنگی بەتاڵەوه لەم ناوه، کەوتووم. مشك: جا مام ورچ، دەتەوێ ئێستا چی بکەی؟

**مام ورچ: جا دیسان چیتر بکەم؟ زستان لە پێش دەرگایە و دەبێ منیش لەناو کونەکەمدا تا بەهار پاڵ بدەمەوە و هەر چنگی خۆم بمژم. مشکەش بە مام ورچی وت! کەواتە تۆ دەزانی....**

**مشکەکە دەیویست شتێکی تریشی پێ بڵێت، بەڵام هیچی پێ نەگوت؛ ماڵئاوایی لێکرد و لە بەردەم خۆیەوە، شتێکی وت و ڕێگاکەی گرتەبەر.**

**جا دەبێ لەم بارەیەوە، چیتریش بە مام ورچ بگوترێ؟**



**تێبینی:ئەم وەرگێڕانە بە دەستکارییەوە، ئەنجامدراوە**